www.kurdistannet.org
9-2-2003 18:34

# ماموستایانی هێژای زمانی کوردی لە ئەوروپا

(مژدەیەکی تر)

کۆمەڵەی ئەلفوبێی کوردی

کۆمەڵەی ئەلف و بێی کوردی زمانی زگماک و گەشەپێدانی بە بەردی بناغەی ناسنامەی منداڵ دەزانێ و ئەم کۆمەڵەیە بۆ مەبەستی فەرەهامکردنی کتێبی فێرکردن و کەرەستەی پێویست بۆ گەشەدان بە زمانی زگماکی کوردی بۆ منداڵانی کوردی لە سەرەتای ئەمساڵ دا، کتێبی خوێندنەوەی کوردی (دیلان) ی لە پەخشخانەی سان بەچاپ گەیاند و بڵاوکردەوە. دیلان بۆ قوتابیانی زمانی کوردی یە لە ئاستی دووەمدا، واتە دوای فێربوونی ئەلف و بێی کوردی. دیلان بێجگە لە تێکستەکانی کە بریتین لە دەیان هۆنراوە، چیرۆک و بابەتی سەرنجڕاکێش بۆ منداڵان، ڕاهێنان و فەرهەنگیشی لەگەڵدایە. وێنەکانی ڕەنگاوڕەنگ و دڵڕفێنن بۆ منداڵان.

دیلان

لە دانانی: فەهمی کاکەیی، مەهاباد قەرەداغی و ئەمجەد شاکەلی.

پێداچوونەوەی زمانەوانی: فەرهاد شاکەلی.

وێنەکان: تالّب ئۆزمانی و ئیڤا لۆتتا لیند.

کۆمەڵەی ئەلف و بێی کوردی پێش کتێبی دیلان بە چەندان کتێبی تر ئاشنای کردوون، لەوانە: گەرمیان، باوەگوڕگوڕ، ڕۆژباش. بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی هەریەکێ لەو پەرتووکانە پەیوەندی لەگەڵ پەخشخانەی سان، فەهمی کاکەیی بەم ژمارە تەلەفۆن و فاکسەوە دەبێت: ٠٠٤٦٥١٥١٦٠٠٩.

ئەمەش نموونەی بەرگی ئەو کتێبانەیە










www.kurdistannet.org